کوێستان شوکر:

# "هەمیشە کۆت‌و بەندی کۆمەڵگا رامدەچڵەکێنێ"



ن/ ئیکرامە غائیب

گۆرانیبێژی لاو کوێستان شوکر ماوەیەکە لەکفری، لەزۆربەی بۆنەو ئاهەنگەکاندا بەشداری دەکات‌و گۆرانی گەورە گۆرانیبێژان دەڵێتەوە.

کوێستان لەدایکبوی ١٩٩٣و خوێندکاری سێیەمی ناوەندییە. ئاشنایانی دەنگی پێیان وایە کاریگەری هونەرمەند مەرزیەی فەریقی زۆری بەسەرەوە دیارە.

ناوبراو باس لە بڕوابوون بەخۆی دەکات‌و بەنیازیشە لەداهاتوودا ببێتە گۆرانیبێژێکی ناسراو. ئاشنایەتی کوێستان لەگەڵ هونەرو گۆرانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی کاتێک کە شوکری باوکی لە کۆڕوکۆبونەوە تایبەتیەکاندا گۆرانی ووتووە، ئەمیش پڕ بەهەستی گوێی بۆ گرتووە.

ئەو بێ خەمە لەوەی کە خێزانەکەی ڕێگر بێت لەبەردەوامبونی لە گۆرانی وتن چونکە هەمیشە باوکی هاندەروپاڵپشتیەتی.


وە هەر ئەم پشتگیرییەی باوکی وای لێ دەکات بە جورئەت‌و بێ ترس‌و شەرم وەك خۆی دەڵێت ڕووبەڕووی جەماوەر ببێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا نایشارێتەوە و دەڵێت" هەمیشە کۆت‌و بەندی کۆمەڵگا رامدەچڵەکێنێ".

کوێستان لەقسەکانیدا باس لەوە دەکات کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی‌و جیاکاری کوروکچ وای کردووە کچان لەم هونەرە دوور بکەونەوە وە گەر بیانەوێت لە بوارەکەدا کار بکەن ئەوا جیاکاری زۆر پێوە دیار دەبێت بۆ نمونە ئەو لەگەڵ تەمەنی خنجیلانەیی‌و کەم ئەزمونیدا دەپرسێت‌و دەڵێت" بۆ لەئەعزێکاندا شورەییە گەر بۆ باوکو براو کوڕو پیاوەکانمان نەلاوێنینەوە بەڵام لە بۆنەکاندا نابێت باسیان بکەین".

کوێستان ئێستا سەرقاڵی سرودێکە بۆ شاری کەرکوك کە بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیك تۆماری بکات.

## (چیرۆکەکانی بەر لەخەوتن) کەوتە کتێبخانەکان




ن/ شەدە

کتێبی منداڵان چیرۆکەکانی بەرلەخەوتن کە خانەی سمۆرە بۆ ڕۆشنبیریی منداڵان، بەچاپی گەیاندووە، کەوتە کتێبخانەکان، کتێبەکە لە ٦٠چیرۆك پێکهاتووەو بەهاوکاری ڕێکخراوی ئەستێرەکان‌و چەند نوسەرێکی تر وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی.

لیلی بەڕێوەبەری خانەی سمۆرە بەڕێوانی ڕاگەیاند" مەبەست لەم کتێبە پاراستنی بیری منداڵە لەهیچ کاریگەرییەکی مەزهەبی‌و دینی،و چیتر منداڵانی کوردیش لەسەر چیرۆکەکانی ترس‌و تۆقاندن و ئازاردان خەونەیانباتەوە" ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە چیرۆکەکان لەوکاتەدا دەخوێندرێتەوە کە پێویست دەکات بچنە سەرجێگاو بنوون.

سەبارەت بەنرخی کتێبەکەش ئاماژەی بەوەدا کە لەوەزارەتەوە داوایان لێکراوە نرخی فرۆشتنی کتێبەکە یەکسان بێت بەبڕی تێچوونی. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خواستی زۆر لەسەرە.

## خوێندکارە سەرکەوتوەکان خەڵاتیان پێدەبەخشرێت

بەمەبەستی هاندان‌و هەوڵدانی زیاتری خوێندکاران، کۆمیتەی سەیدسادقی کۆمەڵەی خوێندکاران بەهاوکاری مەڵبەندی روناکبیری‌و کۆمەڵایەتی(غەوارە) خەڵاتی بەسەر خوێندکارە یەکەم و بەخشراوەکانی ساڵی خوێندنی (٢٠٠٥_٢٠٠٦) لەسەیدسادق دابەشکرد. مەراسیمی دابەشکردنی خەڵاتەکان لە ڕۆژی٢٠٠٦/١٠/٢١ لە هۆڵی دواناوەندی سەیدسادق بەڕێوەچوو، کەتیایدا (٢٣) خوێندکاری کچ‌و کوڕی قۆناغەکانی ناوەندی‌و دواناوەندی خەڵاتیان پێبەخشرا.

ن/ ئەنوەر حەمە غەریب




### لە خولێکدا منداڵان بە کۆمپیوتەر ئاشنا دەبن

بەمەبەستی ئاشنایی منداڵان بە وانەی کۆمپیوتەر، بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری لەهەولێر خولێکی کۆمپیوتەری بۆ منداڵانی قۆناغی سەرەتایی کردوە، خولەکە لەبەرواری ٢٠٠٦/١٠/١٠ دەستی پێکردووەو ماوەی یەك مانگ دەخایەنێت. زیاتر لە(٤٠) منداڵ بەشداریان تێدا کردوە، مامۆستا وهبیە سەرپەرشتیاری پرۆژەکە بەرێوانی راگەیاند "کردنەوەی ئەم خولە بۆ منداڵان زۆر گرنگە چونکە کۆمپیوتەر دەبێتە وانەیەکی سەرەکی لە خوێندنگاکاندا، لەم خولەدا منداڵان ئاشنایەتی لەگەڵ کۆمپیوتەرو بەکارهێنانیدا پەیدا دەکەن".

پ، هەولێر

ئاینور دوغان

## لە ئیسپانیا (ئەز کچێ کوردانم) دەچڕێت

کچە گۆرانیبێژی کوردی باکور ئاینور دوغان بەشداری فیستیڤاڵێکی هونەری دەکات لە وڵاتی ئیسپانیا، پاش ئەوەی دوغان بە بانگهێشتێکی فەرمی ئەو وڵاتە ئاگادار کرایەوە بۆ بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی موزیکی نێو دەوڵەتی، کە لە شاری (سەڤیلا) ی ئیسپانی بەڕێوە دەچێت، هونەرمەندان لەهەریەك لە (بەرازیل، مەکسیك، ئەمەریکا، کۆلۆمبیاو ئیسرائیل هتد..) لەم فیستیڤاڵە بەشداری دەکەن‌و دوغان تەنیا کوردە لەم فیستیڤاڵە.

بانگهێشتی دوغان بۆ ئەم فیستیڤاڵە پاش بڵاوبونەوەی گۆرانی ئەز کچێ کوردانم، بو کە بەهۆیەوە لە ئیسپانیا ناسراو نزیکی (٥٠٠٠) هەزار دانەی کۆپی لێ فرۆشراوە...دوغان بێجگە لەم گۆرانیە خاوەنی چەندین ئەلبومەو گۆرانی ئەز کچێ کوردانم، لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان سەدای خۆی هەیە، و یەکێکە لە سێدیە پڕفرۆشەکان.

لە سایتی ئاڤێستاوە



## نواری

### ئێمە لەبنەماڵەی شێخین نابێت ڕۆژوو نەگرین

زەنگی قوتابخانە لێیدا، خێرا خۆم کرد بە حانوتی قوتابخانەکەماندا بۆ کڕینی بسکیت یان لەفەیەك، لەبەر ئەوەی بەڕۆژوو نەبووم‌و زۆرم برسی بوو، هاوڕێیەکم بانگی کردم، ئەوە شت ئەخۆی؟! بەڵێ! من سێ ڕۆژە بەڕۆژوو نیم لەبەر ئەوەی لەخولی مانگانەدام بەڵام ڕووم نەهاتوە هیچ شتێك بخۆم‌و لای کەسیش باسی بکەم، منیش پێم وت بۆ چی یە ئەگەر بەڕۆژوو نەبیت؟ ئەویش ووتی شتی وا نابێت هەر دەبێت لەو مانگەدا بەبێ هیچ بیانویەك لەماڵی ئێمەدا نان نەخورێت، ئەی تۆ چی ئەکەی چۆن نان ئەخۆیت، کاتێك دەڕۆمەوە ماڵەوە کەس نازانێ من بەڕۆژوو نیم تەنانەت دایکیشم، چونکە بەردەوام پێی وتوین ئێمە لەبنەماڵەی شێخین نابێت ڕۆژوو نەگرین‌و نان بخۆین لەکاتی سوری مانگانەشدا نابێت هیچ شتێك بخۆین چونکە پێمان دەزانن کە بەرۆژوو نەبوین.

زۆر نیگەران بوم بە وەزعی هاورێکەم بۆیە ئەو ڕۆژە وانەی کۆتایمان نەخوێند بەزۆر بردمەوە بۆ ماڵەوە خواردنم حازر کرد بەڵام هاورێکەم وا فێر کرابوو ڕۆژوو نەگرتنی لا بێتە عەیبە لە هەموو کەسێکی بشارێتەوە، بۆیە پێی وتم نابێت ماڵەوەتان بزانن من بەڕۆژوو نیم، شەرم گرتبووی، ناچار چوینە ژورەکەی خۆم‌و نانمان پێکەوە خوارد.

هاورێکەم ئەو ماوە کەمەی لەماڵمان بوو خۆزگەی بەمن دەخواست کە هیچ زۆرێکم لێ ناکرێت ڕۆژوو بگرم‌و نوێژ بکەم، ئەمە وەزعی هاورێکەم بوو ئەوان ڕۆژوو نەگرتنیان لا نەنگیە گەر بێت کچەکەیان توشی هەڵەیەك بوو دەبێت چۆن چی لێ بکرێت؟ گەر ڕۆژێك لە ڕۆژان داخوازیەکانی بنەماڵەکەی جێبەجێ نەکات.

تریفە حسن